
مزارگەی عەلەوی پیرەز: زیاتر لە شەش ملیۆن زیارەتکار بەشدارییان کرد لە یادی شەهیدبوونی ئیمام عەلی(ر.خ)



مزارگەی عەلەوی پیرەز ڕایگەیاند، زیاتر لە شەش ملیۆن زیارەتکار بەشدارییان لە یادکردنەوەی شەهیدبوونی ئیمام عەلی (ر.خ) کرد.

ئەمینداری گشتی مزارگەی عەلەوی پیرەز، عیسا سەید محەمەد ساڵح خورسان لە بەیاننامەیەکدا ڕایگەیاند، "بە پشتیوانی خودای گەورە، ژمارەی زیارەتکارانی مزارگەی عەلەوی پیرەز، لە ساڵیادی شەهیدبوونی ئیمامی عەلی (ر.خ)، گەیشتە (6،391،390) زیارەتکار، بەپێی ئەوەی لەلایەن سیستەمی کامێرای ئەلیکترۆنی تۆمارکراوە." بە بەکارهێنانی تەکنەلۆژیای ژماردنی ئەلیکترۆنی، لە سەنتەری تەکنەلۆژیای زانیاری مزارگەی پیرەزەوە.

سوپاس و پێزانینی خۆمان بۆ خۆمڕانی دەسەز و خزمەتگوزارکان و دامەزراوە فەرمی و نافەرمیەکان و دڵزگاکانی ڕاگەیاندن و خزمەتکارانی مزارگەی پیرەز و سەرجەم باوەداران، کە بەشداربوون لە سەرخستنی ئەم زیارەتە.